# ڕێبوار عارف بەرپرسی کەمپینی دادگایکردنی صدام لەسەر قسەکردن بۆ خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، لەلایەن ئاسایشەوە زیندانی کراوە.

ڕۆژی 2005/5/4 کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان بەرانبەر بە بڕیاری دەسەڵاتدارانی سلێمانی سەبارەت بە کایە کردن بە زانستو گەندەڵی ئیداری بەرێیان خستبوو، ریبوار عارف "بەهادین وەستا بەکر" کەسایەتی ناسراوی شاری هەلەبجەو بەرپرسی کەمپینی دادگایکردنی صەدامو سەرانی بەعسو سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە دەرەوەی وولات، بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی خویندکاران  لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا ووتەیەك پێشکەش بە خویندکاران دەکات، کە دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خوێندکارانو ناڕازیبونی هێزەکانی ئاسایشو بەرپرسان. هەربۆیە چەند جار " ریبوار عارف" دەهێنو دەبەن بە بەرچاوی چەندین ژورنالستو کەناڵی ڕاگەیاندنو ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانەوە. دواین جار  بەرەو ئاسایشی سلێمانی دەبەن. لە ئاسایشی سلێمانی یەکیك لە بەرپرسان کە خەڵکی شاری هەلەبجەیە"ڕێبوار عارف" وەك کەسایەتیەك دەناسیت، بۆیە پرسیار دەکاتو دەڵیت تۆیان بۆ هێناوە بۆ ئێرەو تۆ لیرە چی دەکەی؟! بۆیە پێی قبول ناکرێت کە" ریبوار " بخاتە زیندانەوەو لێکۆلینەوەی لەگەڵ بکاتو پێی دەلێت تۆ برۆ لەسەر بەرپرسیاریەتی من. پاش ئەوەی ڕێبوار عارف دەڕوات ئاسایشی سلێمانی ئەو کەسە زیندانی دەکاتو پێی دەلێن تا " ڕیبوار " نەگرێتەوە تۆ ئازاد ناکرێیت.  هەر هەمان شەو برایەکی "ڕیبوار" بەناوی " دیاری" لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت. ڕیبوار عارف سەرلەبەیانی ڕۆژی 5/5کاتژمێری 8ی سەر لەبەیانی وەك ئینسانێکی بەرحەق بەپێی خۆی دەچێت بۆ ئاسایشی سلێمانی. لە ئاسایش دەخریتە زیندانەوەو تا کاتی دەرچونی ئەم بە یاننامەیە لە بەشی حجزی زیندانی ئاسایش راگیراوە.

### خەڵکی ئازادیخواز!

کاروکردەوەی سەرکوتگەرانەی لەم جۆرە کە لەلایەن دامو دەزگاکانی یەکێتیەوە پیادە دەکرێت، هەموو رۆژیك ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە هەموو پڕوپاگەندەکانیان لەسەر تەلەفیزیونو رۆژنامەکانو لە زاری سکرتێری گشتیو گەورە بەرپرسانی یەکێتیەوە، سەبارەت بە ئازادی سیاسیو شانازی کردن بە تەجروبە دیموکراتیەکەیانەوە، جگە لە پروپاگەندەیەکی بێناوەڕۆكو مانشێتێکی فریوکارانەی سەر ڕاگەیاندن هیچی تر نیە. یەکێتی نیشتمانیو ئاسایشەکەی کە توانای تەحمول کردنی تەنها یەك ووتەی چەند دەقیقەی ئینسانیکی ئازادیخوازی نەبێت، ڕاگەیاندنو بەرپرسانو حیزبێك کە مۆری " لە پشتیەوە دەستێك هەیە" بدەنە نیو چاوانی هەر خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیەکی خەڵکی کوردستان، ماۆستایان، خویندکاران، کریکاران، فەرمانبەرانو کریکارانی کارەبا، ...، دەبێت ئازادی تەنها بۆ ئەوانە بیت کە بە شانو باڵی خۆیاندا هەلدات، ئازادیەك کە تەنانەت وەکو لە رابردووی عیراقدا بینراوە لەسەر قسەکردنی ریبوار عارف براکەی (دیار) دەستگیرو زیندانی بکریت، جگە لە بە گالتەجارکردنی ئازادی هیچی تر نیە. ئەمە جۆریگی ترە لەو سەرکوتەی کە خەلکی عیراقو کوردستان لە دژی راپەرین.

### خەلکی ئازادیخواز!

لە ناوچەی "سلیمانیدا" زەوی ماوە، کارگە ماوە، هیچ مولكو بازاریك ماوە کە هەمووی تاپۆو مۆنۆپۆڵ نەکرابێت لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە حیزبی تالەبانیو گەورە بەرپرسانی یەکیتیەوە. ئەو داهاتەی بۆ کوردستان تەرخان کراوە بەشی شێری لەلابەن ئەوانەوە لوش دەدریت، تەنانەت معامەلە بە زانکۆو زانستو بڕوانامەکانیەوە دەکەن. دەسەلاتدارانی ئەم مەملەکەتە لەسەر پارە دەخەونو

تیایدا نقوم بوون. بەلام موچەی فەرمانبەرانو مامۆستایانو کرێکارانو بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان، بە دەست بژیوی رۆژانەو بیٚ خانەولانەیەوە گرفتارن. سەرانی یەکیتی هەرکامیان خاوەنی چەندین قەصرو مولکی گەورەن، بەلام نەبونی خانویەك کە ژیانی تیا بەسەر ببریت بوٚتە گرفتێکی گەورە بۆ دەیان هەزار خیزان.

سەرباری هەموو ئەمانە دەسەلاتداران دەیانەوێت خەڵکی کوردستان فزەیان لێوە نەیەت، بۆ سەپاندنی ئەم تالانو برۆیەو دریژەدان بەم یاری کردنە بە داهاتو ژیانو چارەنوسی خەلك، بە خنکاندنی خواستی خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ،... هەموو دەنگیکی نارەزایەتی سەرکوت دەکەن، ئەمە کاری سەرەکی دەزگاکانی ئاسایشو چەکدارەکانی یەکیتیە کە لە ژیرناوی بەرگری لە ئەمنیەتو مافەکانی خەلك پێکهێنراونو لەسەر داهاتی خەلك بەرێوەیان دەبەن.

زیندانی کردنی ریبوار عارف کەسایەتی تیکۆشەرو ناسراو، کە پێشتر هەر لەسەر خەباتی سیاسی لەلایەن رژیمی بەعسەوە زیندانیو مەحکوم بە ئیعدام کرابوو، هیرشیکی ئاشکرایە بۆسەر ئازادی سیاسی، هەرەشەیەکی گەورەیە لە خۆپیشاندانی خویندکارانو خەلکی نارازی ، پەلەقاژەیەکە بۆ خنکاندنی دەنگی نارەزایەتی بەرامبەر بیٚمافیو بیٚ دەرەتانی خەلك. لە دژی ئەم هیرشە رابوەستنو ناکامی بکەنەوە. ئەم هەنگاوە سەرکوتگەرانەیە مەحکوم بکەنو یەکێتی نیشتمانی ناچار بکەن بە دەستهەلگرتن لەسەرکوتو رێزدانانی بۆ ئازادی سیاسی.

زیندانیکردنی "ریبوار عارف" تاوانەو پیویستە لەلایەن هەر کەسیکی ئازادیخوازو عەلمانیو دژ بە بەعسو هەر رۆشنبیرو پاریزگارێکەوە کە بەزەریەك ویژدانی ئینسانی تێدابێت، ئیدانە بکرێتو فشار بخرێتە سەر دەسەلاتداران کە یەکسەر و بیٚ هیچ لیکۆلینەوەیك ئازاد بکرێت. لە هەمانکاتدا داوا لە تەواوی رێکخراوەکانی پەنابەریو رێکخراوی کریکاریو چەپو ئینسان دۆستەکان دەکەین لە دەرەوەو ناوەوەی وولات، کە ئیدانەی ئەم کردەوە ناشارستانیو دژ بە ئازادیەی یەکێتی نیشتمانی بکەن.

**رێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/5/5